# ئەمویست لە بیدەنگی ژورەکەمەوە هاوارکەم، مەرگی تۆ دەمی گرتم!! ... خاڵە حەمە

چەند شەویک بوو تەنیا تەنیا لەخەڵوەتی ژوورەکەمدا، بێ دەنگ، روو لەچوار دیواری باڵا بەرزی کەڵەگەت بەدیار مێژووی گەلەکەمەوە خەرمانێ ووشەم ئامادەکردبوو کە جەرگی دوژمنانی پێ ئاگربدەم، چەند شەوێک بوو تاکە مۆمێک، رووناکی دەبەخشی بە مالەکەم و پەپولەیەکی باڵ نەخشینی عاشقیش بەدەوریا دەسوڕایەوەو ئەیویست لەشیدی پیرۆزی خواوەندا خۆی بسوتێنێ، چەند شەوێک بوو دەمویست لە ناو بێدەنگیەوە شیعرێک هەڵبهێنجم کەمێک ئازارەکانی جەستەی خەستەم هێورکاتەوە، چەند شەوێک بوو ئەمویست لەم غوربەتەوە سۆزێکی دەروێشی بدەم بەگوێی عاشقانداو هەردەپەنجەم داگیرسێنم بۆکوردستان، دەمویست بە پەیژەی بێدەنگی ئەو شەوانەدا بەرەو ئاسمان سەرکەوم و سکاڵاو بێکەسی نەتەوەکەم بەخواوەند راگەیێنم. . .

ڕۆژهەڵدەهات و (ئاوا) ش ئەبوو منیش لەتەک لەشکری بێدەنگیدا وەک سەربازێکی دڵسۆزو بەئەمەک لەجەنگێکی بێکۆتاییدا بووم ودەمویست لەناوجەرگ و دڵیەوە پەیامی خۆم بە ئاسمانی شاری مردوەکاندا هەڵبواسم و بێدەنگیەکانیان بوروژێنم. . .

هێندە لەو بێدەنگیەدا ڕۆحی خۆم قاو دابوو کە بەفرمێسکی ڕەشی گەشی پێنوسەکەم دڵی داگیرکاران و گێلەپیاوانی کورد بتۆقێنم. . . .

بەیانیەک ئەوکاتەی کە پاساریەکان بەجریوە جریو، مژدەی رۆژێکی نوێیان دەبەخشی و گۆرانیان بۆ ژیان ئەووت لەبێدەنگی خۆم و ژوورەکەمدا بێهۆش کەوتم. . کاتێ بەئاگاهاتم زەنگی تەلەفوون بێدەنگی ژوورەکەمی تێکشکاندوەو بانگم دەکات، کاتژمێریش 12 دوانزەی نیوەڕۆبوو. . ئاە چەند ناخۆش بوو، چەند تێکشکام کاتێک بیستم (مەرزییە) دڵەگەورەکەی لە لێدان کەوتوەو کۆستیکی تری هونەری کوردی لەناکاو یەخەی گرتین و دەنگی ڕەسەنی شۆڕەژنێکی ماندوو نەناسی لە هەگبەکەی خۆیدا پێچایەوەو بۆ هەتایە بێ بەشی کردین لەڕامانی ئەم شاژنە، لە گفتاری پڕڕ بەهای، لە کرداری پڕڕ سەدای کە دەرو ژووری مالانی کوردستانی پڕ کردوەو تا ڕۆژ بە ئاسمانەوە بێت ئەو خۆشکە نازدارە لەبری تیشک دەنگی خۆی پەخش ئەکات و ئێمەش لەتەک هەموو ناوبردنێکیا ئاخێکی بۆ هەڵدەکێشین و کە مێک بۆ رۆحە پاکە پیرۆزەکەی سەردائەخەین. . .

هەزاران چەپکە گوڵ بەدەستی نەرمۆڵەی شەش پەپولەی باخەکەتا لەسەر تەرمی پڕڕ شکۆت

دائەنێم. . سەدان فیشەکی گڕڕداریش بەچەکی کاکی پێشمەرگە لەسەر گۆڕت ئاگر ئەدەم، کە پەیمان بێت بۆ شێوانی هەموو بێدەنگیەکان و گەییشتن بەئازادی و سەربەخۆیی کوردستان.

خاڵە حەمە 2005/9/21 دانمارک